


# کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، کەناڵێك بۆ گومانکردن



**کاروان محەمەد فەتاح**

مرۆڤەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ئەوەی بگەن بە یەقین، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش پێویستی زۆریان بە گومان هەیە، چونکە گومان مرۆڤ دەگەیەنێتە هەقیقەت، واتا هەموو یەقینەکان زادەی گومانگەلێکی زۆرن، مرۆڤی گومانکار مرۆڤێکە خۆی لە چوارچێوەی هیچ سنوور و پێناسەیەکی دیاریکراودا بۆ شتەکان نابینێتەوە و هیچ هێزێک ناتوانێت بیوەستێنیت و بەردەوام دەگەڕێت.



گومان چەمکێکی فەلسەفییە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بیری تاکەکانەوە هەیە و ڕێگەی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییانەیە بۆ گەیشتن بە یەقین، لە ڕێگەی وتە بەناوبانگەکەی کە دەڵێت: (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) واتا من گومان دەکەم، کەواتە من هەم.

لێرەدا ناتوانین بە شێوەیەکی باش باس لە گومان بکەین لە ڕووە فەلسەفییەکەوە، گەر باس لە میتۆدی گومانی فەلسەفەکار و ماتماتیکزانی فەرەنسی (ڕێنیە دیکارت) نەکەین، کە ناسراوە بە (باوکی فەلسەفەی نوێ). دیکارت میتۆدی گومانی بەکارهێنا بە ئامانجی گەیشتن بە هەقیقەت و ڕاستیی کۆی زانستە مرۆڤایەتییەکان. دیکارت دەڵێت: (مرۆڤ دەبێت گومان بکات ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بێت لە ژیانیدا). ئەمە نیشانەی گرنگیدانی ئەم فەیلەسووفەیە بە چەمکی گومان، هەروەها ئەم فەیلەسووفە گومانی لە جیهانی هەستی کرد و دووبارە پێیداچووەوە و تێگەیشتنێکی نوێی لە بارەوە دەربڕی.

ئەم فەیلەسووفە بۆچوونێکی تەواو جیاوازی لەسەر بابەتی گومان هێنایە ناو کایەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا و مانایەکی جیاوازی پێ بەخشی و بە پێچەوانەی تێگەیشتنی باوی سەردەمانی پێشوو و هەتا سەردەمی خۆشی، لەم بابەتەی کۆڵییەوە، پێش دیکارت بۆچوونێکی کلاسیکی هەبوو، کە کاریان لەسەر گومانی ڕەها دەکرد، وەکو گومانەکانی «موتەنەبی و فەلسەفەی ئیتالیا لە سەدەی شانزە»دا، کە ئەنجامەکەی دووبارە بە زیندووکردنەوەی میراتی سەردەمی یۆنانییەکان تەواو بوو، بەڵام گومانی (ڕێنیە دیکارت) گومانێکی کاتی بوو، واتە مرۆڤ هەڵدەستێت بە گومانکردن لە هەموو ڕابوردووی خۆی و بە بیر و باوەڕەکانیدا دەچێتەوە، لە پێناوی چاکسازیی خود، بۆ ئەوەی بگات بە یەقین و هەقیقەتی تەواو.(١)

گومانی هەمیشەیی تا گەیشتن بە یەقین کاری ئەم فەیلەسووفە نوێخوازە بووە، لە شوێنێکدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕابوردوویدا بە ڕاست و هەقیقەتی گومان هەڵنەگری زانیون دەردەبڕێت و دووبارە گومانیان لێ دەکات و پێیاندا دەچێتەوە و دەڵێت: (زۆر لەمەوبەر، بۆ یەکەمین جار هەستم بەوە کرد کە گەلێک بیرو باوەڕی ناڕاستم لە سەردەمی منداڵیدا وەک ڕای ڕاست وەرگرتووە. لەوەیش گەیشتم کە بناغەی ئەو هزرانەی من کە تەواو لەسەر بنەمایەکی ناڕاست دروست بووبوون، تا چ ڕادەیەک پشتیان پێ نەدەبەسترا، بۆیە لەوە گەیشتم ئەگەر بمەوێت لە زانستدا بە ئەنجامی تۆکمە و ڕەسەن بگەم، دەبێ ڕاستەوخۆ و بۆ هەمیشە دەستبەرداری ئەو ڕایانە بم کە پێشان هەمبوون و کارەکانیشم بە تەواوی لەسەر بنەمای نوێ دەست پێ بکەم.ل ٦٦).

هەروەها گومانی ئەم فەیلەسووفە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ڕاستی، گومان لە هەموو ئەو شتانە دەکات کە وەری دەگرێت و خۆی لە بڕیاری پێشوەختە دەپارێزێت و دەڵێت: (من هەرگیز هەر شتێک بە ڕوونی و ئاشکرای نەزانم ڕاستە بە ڕاستی نەزانم، لە هەموو جۆرە حوکمێکی پێشوەخت و زەینییەتێکی پێشینە دووربم و هیچ شتێک بێجگە لەوەی لە زەینی مندا ڕوون و ئاشکرایە و بەڵگەیەکی دوودڵیم لەسەری نییە بڕیاری بەسەردا نەدەم.لا٦٧). (٢)

# مرۆڤەکان بە خۆیان بزانن یان نا هەمیشە لە گومانی بەردەوام دان لە هەمبەر یەکدی

دواتر چەمکی گومان گوزارایەوە نێو هەموو کایەکانی مەعریفە و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ئەدەبیش وەکو زانستێک بەشی خۆی سوودی لەم گومانە وەرگرتووە، بەو مانایەی کە کاری ئەدەب هەرچییەک بێت بریتییە لە دروستکردن و چاندنی تۆوی گومان لە ناخی خوێنەردا، ئەوە ئەدەبە وا لە خوێنەر دەکات، کە گومان لە بیروباوەڕەکانی خۆی و مرۆڤ و حەقیقەتە زاڵەکان بکات و هەموو پێکهاتەکانی بیرکرنەوەی خۆی بخاتە ژێر نەشتەری یەککالاکردنەوە و گومان لە هەموو ئەو شتانە بکات کە لە ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بە گومان بار نەکرا بێت و یەکێک نەبێت لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی، ئەوە لەوە دەکەوێت ناوی بەرهەمی ئەدەبیی بەسەردا ببڕێ، واتا نووسەر لە ڕێگەی بەرهەمەکەیەوە خوێنەر دەخاتە سەر کەڵکەڵەی تیامان و تێڕامان و گومانکردن، بۆ ئەوەی جارێکی دی پێناسەی هەموو شتەکانی دەوروبەری خۆی بکاتەوە و هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا بە هەقیقەتی ڕەهایانی زانیوە، نیشانەی گومانیان لەسەر دابنێت.




(کاروان عومەر کاکەسوور) یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەمیشە بەردی گومانی خۆی فڕێ دەداتە ناو گۆمی مەنگی یەقینەکانی خوێنەر و وای لێ دەکات جارێکی دی بە هەموو قەناعەتەکانیدا بچێتەوە

(کاروان عومەر کاکەسوور) یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەمیشە بەردی گومانی خۆی فڕێ دەداتە ناو گۆمی مەنگی یەقینەکانی خوێنەر و وای لێ دەکات جارێکی دی بە هەموو قەناعەتەکانیدا بچێتەوە، من بۆ خۆم تا ( کاروان)م نەخوێندەوە، توانای گومانکردنم لە هەموو شتێکی خۆم بۆ دروست نەبوو، ئەم گومانە لە کۆی بەرهەمەکانی (کاکەسوور)دا بەدی دەکرێت، بەڵام ئەوەی (کاروان عومەر کاکەسوور) لە (ڕێنیە دیکارت) جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە (کاروان) بە پێچەوانەی (دیکارت)ەوە کار لەسەر گومان دەکات، بەوەی خۆی نایەوێت لە ڕێگەی گومانەوە خوێنەر بە هەقیقەتەکان بناسێنیت، کە (دیکارت) ئەم کارەی دەکرد، دوای ئەوەی دەگەیشتە هەقیقەت و یەقین دواتر دەری دەبڕی، بەڵکو (کاروان کاکەسوور)



گومانەکە لای خوێنەر دەوروژێنێت و وای لێ دەکات کە خۆی بە دوای هەقیقەتی شتەکاندا بچێت و بگات بە یەقین، کاری ئەدەبیش هەر ئەمەیە.

ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) نوێترین بەرهەمی (کاروان عومەر کاکەسوور)ە، بە قەبارەیەکی گەورەوە، کە بە بۆچوونی من دەقێکە کراوەتەوە بەسەر زۆر ڕەهەندا و دەتوانرێت لە زۆر پەنجەرەوە ببینرێت، چونکە لە دەرگای زۆر بابەتی داوە، بەڵام ئێمە لێرە نیازمان نییە لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ هەموو لایەنەکانی ئەم بەرهەمە بکەین و هەموو کۆدە شاراوەکانی پشتی ئەم ڕۆمانە باس بکەین، تەنیا لە سەر ڕەهەندی (گومانکردن) لەم دەقەدا ئێستێک دەکەین و کەمێک لێی قووڵ دەبینەوە، کە ڕەگەزێکی سەرەکیی پێکهێنەری ئەم ڕۆمانەیە، گەر بڵێین ئەم دەقە لە سەر گومان بنیاتنراوە، ڕەنگە بە هەڵەدا نەچووبێتین و زیادەڕۆییمان نەکردبێت.

هەر لە دەسپێکی ڕۆمانەکەدا زۆر بە تۆخی و خەستی هەست بە بوونی گومانێکی قووڵ دەکەین، کە ڕۆماننووس لە یەکەم لاپەڕەدا بە گومان دەست پێدەکات، لە ڕێگەی ( ئامانج) کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە ئەم کارە ئەنجام دەدات، ئەویش گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی مرۆڤ، بە ڕستەی (من لەمرۆوە مەیموونەکەی جارانم. ل٧)، نووسەر ئەم کارەی بە گەڕانەوە بۆ تیۆرێک ئەنجام داوە، ئەویش تیۆری (گەشەکردنی جۆرەکان)ی (داروین)، کە تیۆرێکی زیندەوەرزانییە و باس لەوە دەکات کە مرۆڤ لە سەرەتادا مەیموون بووە و دواتر قۆناغ بە قۆناغ و بە پێی تێپەڕینی کات بووە بەم مرۆڤەی ئێستا. (فردریک ئەنگڵس) لە ڕاڤەی تیۆرەکەی دارویندا باس لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ دەکات و دەڵێت: (مرۆڤ لە سەرەتادا کە مەیموون بووە، لە ڕێگەی کارکردن و قسەکردن کە دوو هاندەری سەرەکین بۆ هەنگاونان و گۆڕینی مەیموون بەم مرۆڤەی ئێستا، دواتر گۆشت خواردن و دروستکردنی ئاگر و ئاژەڵداری و پاشان دروست بوونی کۆمەڵگە بووە بەم مرۆڤە پێشکەوتووە). (٣) لەم ڕێگەیەوە نووسەر خوێنەری خستووەتەوە بەردەم بیرکرنەوەیەکی قووڵ لە خۆی کە پرسیار لە خۆی بکات ئایا هەر بە ڕاست مرۆڤ لە سەرەتادا مەیموون نەبووە؟

(کاروان) لە شوێنێکی تردا گومان لە کۆی مرۆڤایەتی دەکات بەوەی مرۆڤ هەموو ئەو کارانەی دەیانکات لە پێناوی ئەوەدا دەیانکات کە هەستی ترسی خۆی بشارێتەوە، واتا مرۆڤی بە بوونەوەرێکی ترسنۆک نیشان داوە، ئەمەش پێچەوانەی تێگەیشتن و ڕاستیی باوە سەبارەت بە مرۆڤ، لە ڕێگەی دیالۆگی نێوان (هەتاو و ئامانج)، کە (هەتاو) بە (ئامانج) دەڵێت: (هەموو منداڵێک وا دەزانێت، کاتێک گەورە دەبێت، ئیتر لە هیچ شتێک ناترسێت، بەڵام ڕاستییەکەی گەورەکان بۆ ئەوەی بەسەر ترسی خۆیاندا زاڵ بین، دەیانەوێ خۆیان منداڵ بکەنەوە .ل٨٩).

لە شوێنێکی تری ئەم ڕۆمانەدا دووبارە گومان دەبێتەوە میوانی خوێنەر، بەوەی کە ڕۆماننووس گومان لە هەموو ئازایەتییەکانی مرۆڤایەتی دەکات و پێمان دەڵێت هەر ئازایەتییەک کە مرۆڤ دەینوێنیت، بەرئەنجامی ترسە، ئەمە وا لە خوێنەر دەکات کە گومان لە سەر هەموو ئەو کەسانە بکات کە تا ئێستا وایزانیوە پاڵەوان و ئازان، بەوەی

تەنیا ترسنۆک دەتوانێت لە ترسی گیانی خۆیدا ئازایەتیی گەورە نیشان بدات، لە ڕێگەی وتەیەکی ئامانجەوە: (کەسی ئازا بوونی نییە، بەڵام دوو جۆر ترسنۆک هەن: ئەو ترسنۆکە ئازایانەی، کە دەوێرن بە ئاشکرا بترسن و ئەو ترسنۆکانەی جورئەت ناکەن لە بەرچاوی ئەوانی دیکەدا بترسن، تا دەگاتە ئەوەی پەنا بۆ سەرچڵی دەبەن... هەرچی ئازایەتییە لە دنیا، مرۆڤە ترسنۆکەکان لە ترسی گیانی خۆیان نواندوویانە، بە ڕادەیەک ترسنۆکەکان داهێنەری گەورەترین خەیاڵی پاڵەوانبازێتین.. ل٢١١). هەروەها لە جێگەیەکی تردا دووبارە ئەو گومانە خۆی قووت دەکاتەوە لە بەردەم خوێنەردا و بە زەقی دەردەکەوێت، کە ڕۆماننووس لە مرۆڤی دەکات، گومانکردن لەو بۆچوونەی کە پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی (ئێستا)ییە، کە ئەم ئاراستەیە بۆی گرنگ نییە مرۆڤ لە ڕابوردوودا چیی بەسەر هاتووە و داهاتووش چیی بەسەر دێت، بەڵکو ئێستای مرۆڤ جێی بایەخیانە، کە ئێستا چییە و چۆنە، (کاروان کاکەسوور) زۆر جوان گومان لەم بۆچوونە دەکات، بە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت، کە پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕابوردووخوازە و بەهۆی ڕابوردووەوە دەتوانێت ئێستا بژی، بەتایبەتی کاتێک ئەو ڕابوردووە پڕ بێت لە رووداو و تراژیدیا، لە ڕێگەی پرسیاری (سۆزان) کە کارەکتەرێکی ڕۆمانەکەیە ئەم گومانەی خۆی بەرجەستە دەکات: (ئایا مرۆڤ دەتوانێت پێ بخاتە ناو (ئێستا)وە، لە کاتێکدا (ڕابردوو) شەتەکی دابێت و نەهێڵێت یەک هەنگاو لێی دوور بکەوێتەوە...؟ ئایا تۆ دەتوانیت باس لە (ئێستا) بکەیت، مادام بە هیچ شێوەیەک ڕابردووت بیرنەچوووبێتەوە...؟ من دەتوانم بە خۆم بڵێم ئەوەی ژیان پێک دەهێنێت، تەنیا ڕەگەزی، یاخود ماددەی تراژیدیایە... بە مانایەکی تر تەنیا ترجیدیا دەتوانێت لە خەیاڵدا بمێنیتەوە، تاکو دواتر لە گەڕانەوەمان بۆی، هەست بکەین ژیانمان هەبووە و لە دەستمان چووە... لێرەوەیە چ (ئێستا) و چ (داهاتوو)یش وەهمن، مادام هەرگیز پێیان ناگەین... بەکورتی هەر سێ زەمەنەکە ڕابردوون، ئەو (ڕابردووە)ەیش تەنیا لە ڕێگەی تراژیدیاوە بەردەوام دەبێت... خەریکە ئێستا ئەو لە گوتەیەی (نیتشە) فەیلەسووف تێدەگەم، کە (ئازادی هەمین مامان) زوو زوو دەیگوتەوە: (مرۆڤ بەهۆی سەرجەم ئەو شتانەوە گەشە دەکات، کە لە ڕابردوو گومارۆیان دابوو..ل٣١٧). لێرەوە هەست بە فکرێکی قووڵی ڕۆماننووس دەکەین، دەربارەی چەمکی (ڕابوردوو، ئێستا، داهاتوو) کە بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش ئەم بۆچوونەی خۆی دیار خستووە، بەوەی وتەیەکی فردریک نیچەی فەیلەسووفی ئەڵمانی کردووەتە پاڵپشتی ئەم بۆچوونەی خۆی.

مرۆڤەکان بە خۆیان بزانن یان نا هەمیشە لە گومانی بەردەوام دان لە هەمبەر یەکدی، بەهۆی ئەم گومانەوە دەتوانن لە خۆیان دڵنیا بن، (کاروان کاکەسوور) دەیەوێت ئەو پەیامە بە گوێماندا بچپێنێت کە مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی گومانەوە ژیان دەکات، ئەم گومانە زۆر زەق لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا دەردەکەوێت، کە کارەکتەرەکانی بەرانبەر بە یەک دڕدۆنگن، تا دەگاتە ئاستی گومانکردنی کچ بەرانبەر باوک، لە ڕێگای گومانی (سۆزان) لە بەرانبەر بە باوکی (مام ئەنوەری باخەوان) گومان لە باوکی دەکات کە لەگەڵ

(کاروان کاکەسوور) دەیەوێت ئەو پەیامە بە گوێماندا بچپێنێت کە مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی گومانەوە ژیان دەکات، ئەم گومانە زۆر زەق لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا دەردەکەوێت، کە کارەکتەرەکانی بەرانبەر بە یەک دڕدۆنگن، تا دەگاتە ئاستی گومانکردنی کچ بەرانبەر باوک



کۆمەڵێک لە هاوڕێ پێشمەرگەکانی هەڵیکوتابێتە سەر ماڵی خاڵی سۆزان (ئەردەڵان) بەو نیازەی کە دواتر دەست بەسەر ماڵ و سامانی ماڵی ژنەکەیدا بگرێت، ئەوەتا لە ڕێگەی گومانی (سۆزان)ەوە لە سەر تالانکردنی ماڵی خاڵییەوە ئەم گومانە بە چڕی دەبینین: (بە پێویستم نەدەزانی لەوە زیاتر لەوێ بمێنمەوە، بۆیە جانتام کردە شانم و جێم هێشت... ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکم بە دەستەوە نەبوو، کە ئەوەی ئەم کارەی کردووە، باوکمە، بەڵام بە دوورم نەدەبینی بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستی ئەوی تێدا بووبێت... گوتم: (بەڵێ، خۆیەتی و ویستوویەتی دوای مردنیان، هەرچی سامانیان هەیە بۆ ئێمە بمێنێتەوە .ل٣٩٦ (٤).

هەروەها گومانی (سۆزان) بەرانبەر بە هاوڕێکانی باوکی، کە ڕۆژانە دەهاتن بۆ سەردانی وەکو (بورهانی ئامە گوپە، فیکری کۆپتەر، دکتۆر دارا، مامۆستا سەلام ئاشتی) کە وا گومانی دەبرد هاوڕێکانی باوکی تەنیا بۆ کاری سیخوڕی سەردانی دەکەن و دەیانەوێت بە فەتارەتێکیدا ببەن.

(کاروان کاکەسوور) لە هەموو بەرهەمەکانی ڕابوردوویدا کاری لە سەر مێژووی مرۆڤێکی ترسنۆک و تەریک و تەنیا و فەرامۆشکراو و یاخی کردووە، بەڵام ئەوەی ئەم بەرهەمەی پێ دەناسرێتەوە و جیاواز لە هەموو بەرهەمەکانی دی دەبینرێت، کارکردنی ئەم ڕۆماننووسەیە لەسەر مێژووی کۆ، دواتر گومانکردن لەو مێژووە، ئەویش مێژووی نەتەوەی کورد لە ساڵی حەفتاکان و هۆکارەکانی هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٤ و دواتر ئاشبەتاڵکردنی شۆڕش لە لایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردەوە، (کاروان) دێت گومانی بەرجەستە دەکات لە توانای سەرکردایەتی کورد کرد، کە توانای بەردەوامی دانیان نەبووە لە سەر شۆڕش و خەبات، ئەو هەرەسی شۆڕش وا دەبینێت کە هێندەی پەیوەندیی بە ناوخۆی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە هەیە، هێندە پەیوەندیی بە کاریگەریی هێزە دەرەکییەکانەوە نییە بۆ کۆتایی هێنان بەم شۆڕشە و ئاشبەتاڵپێکردنی، کۆمەڵگەیەک خاوەنی مرۆڤی وەکو (ماجید هەمزە قەڵاتێ و سابیر پوولەکە) بێت، کە لە ڕۆمانەکەدا کاری سیخووڕی بۆ حکوومەتی عیراقی ئەنجام دەدەن و مرۆڤی ترسنۆکی وەکو (ئامانج)ی تێدا بێت، ئەوا لە ناو خۆیدا تووشی پووکانەوە و داڕووخان دێت و دوژمن ئاسانتر دەتوانێت بەسەریدا سەر بکەوێت و هەرەس بە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بێنێت.


**سەرچاوەکان:**

١.الشک عند دیکارت، لە ئینتەر نێتەوە. http://majdah.maktoob.com/vb/majdah١٧٩١٩/

٢.دیکارت، پۆل ستراترن، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕەووف بێگەرد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣.ڕۆڵی کارکردن لە گۆڕینی مەیمون بۆ مرۆڤ، فردریک ئەنگڵس، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم مەلا ڕەشید، وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٤.کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، کاروان عومەر کاکەسوور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.